


# خولیای نووسین و شەپۆلی شیعری نوێ لە ئێران

هاشم سەڕاج

«خولیای نووسین» کتێبێکی ڕەخنەیی شاعیر و ڕۆماننووس و ڕەخنەکاری ئێرانی «ڕەزا بەراهەنی»یە، ئەمین گەردیگلانی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی لە ساڵی ٢٠٠٨ بەچاپی گەیاندووە، ئەم کتێبە بچکۆلەیە سێ بابەتی گرنگی ڕەخنەیی لە خۆ گرتووە، وێڕای فەرهەنگۆکەکەی وەرگێڕی کوردی، بابەتەکان بریتین لەمانە، نووسراوی ئازاد، زمانی ئازاد، نووسراو و مەرگ، من لەم خوێندنەوەیەدا پێم باشە ئاوڕێکی خێرا لە شەپۆلە نوێیە شیعرییەکان، یان شەپۆلە شیعرییە نوێیەکانی ئێران بدەمەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە سوود لە نووسین و هەڵسەنگاندنێکی ئەحمەد حەیدەری و حەمزە کوتی وەربگرم کە بەیەکەوە کاریان لە تێمەی شەپۆلە شیعرییە نوێیەکانی «ئێران»دا کردووە، مەبەستم ئەوەیە بزانین ڕەزا بەراهەنی لە کتێبی «خولیای نووسین»دا چۆن ئاماژە بۆ «شیعری زمانی» دەدا، کە خودی خۆی بە دامەزرێنەری ئەم شەپۆلە شیعرییە دادەنرێت، هەروەها شاعیرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات تا چ ئاست و ڕادەیەک سوودیان لە بنەماکانی شەپۆلی شیعری «حجم» و شیعری «زمانی» وەرگرتووە.

ئەحمەد حەیدەری و حەمزە کوتی لەفایلی شیعری هاوچەرخی ئێراندا کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە، تێیدا شەپۆلە شیعرییە نوێیەکان بە شێنەیی و یەک لەدوای یەک دەخەنە ڕوو و ئەزموونی شیعری بەشێکی زۆر لە شاعیرە ئێرانییەکان دیاری دەکەن، یان چۆن شاعیر لە شەپۆلێکی شیعرییەوە بۆ شەپۆلێکی شیعری تر دەگوازرێتەوە، سەرەتا جەخت لەوە دەکرێت کە «نیما یوشیج- عەلی ئەسفەندیاری» چۆن دەقی «ئەفسانە» بڵاودەکاتەوە، ئەفسانە چەشنی مانیفێستێکی شیعری دەتوانێت ڕەوشی بێدەنگی شیعری ئێرانی بشکێنێت، لە ڕووی فۆرم و موزیک و خودگەراییەوە جۆرێک لە گۆڕانکاری بەرپا بکات، نیمایوشیج لە سێبەری «المشروطە- شۆڕشی دەستووری»دا یاسا سەخت و دژوارەکان دەسمێت. شۆڕشێک کە دەقی شیعری و پەخشانی لەپێناو خزمەتی حزب و نەتەوە بەرەو پێکهاتەیەکی دروشمئامێز دەبرد، یەکێ لەوانەی دژایەتی شیعری نیمای دەکرد «پەرویز خانلری» بوو، پەرویز شیعرەکانی «ڕیلکە»ی بەشێوەی پەخشان وەردەگێڕایە سەر زمانی فارسی، لە

هەمان کاتدا سەرنووسەری گۆڤاری «سخن» بوو، سوخەن گۆڤارێکی ئەدەبی بوو، بە سەکۆی دەنگی شیعری کلاسیکی دادەنرا کە دژ بە نوێکاری بوو، ئەوکاتە لە ئێران دکتۆر مەهدی حەمیدی شیرازی و هومەن بە باشترین شاعیری ڕێبازی شیعری کلاسیکی دەژمێردران و دەقەکانیان لە گۆڤاری ناوبراودا بڵاودەکرایەوە، دواتر خانلری بەرانبەر بە نیما لە هەندێ بیروڕاکانی پاشگەز دەبێتەوە.

نیما یوشیج دەیگوت: ئەوە بنووسن کە شیعر تێیاندا دایدەگیرسێنێت، چۆنە وەک خۆی بینووسنەوە، تا دووچاری دووپاتکردنەوە و دووبارەبوونەوە نەبن، وەک ئەو شاعیرانەی بەشێوەیەکی شێواو دووچاری دووبارەبوونەوە هاتن، شاعیرە نیماییەکان بەگشتی بەبیروڕاو بۆچوونەکانی نیما پەیوەست بوون، نەوەی یەکەمیان بریتی بوون لە ئەحمەدی شاملوو، مەهدی ئەخەوان ثالث، سیاوەش کسرائی، هۆشەنگ ئیبتهاج، ئیسماعیل خوئی، نادر نادر پوور، ئیسماعیل شاهرودی، فەریدون توللی، نەوەی دووەم: سوهراب سپێهری، مەنوچهر ئاتەشی، شەفیعی کدکنی، مەحموود موشرەف، ئازاد تەهرانی، فەروغ فروخزاد، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە دواجار هێدمە،یان شۆکی نیما ئەو دوو نەوەیەی لە بەندیخانەی شیعری ئازاد کرد و وای لێکردن هەر شاعیرێک لەمانە نیمچە قوتابخانەیەکی شیعری دابمەزرێنێت، دواجار ئەوە ئەو حەڵقەیەیە کە لە ئێران نەخشەی شیعر و فۆرمی قەسیدە دەگۆڕێت، ئەحمەدی شاملوو لە ڕێگەی بەدواداچوونی شیعری جیهانییەوە لە قاوغی نیمایی دەردەچێت و قەسیدەی سپی دەتەقێنێتەوە، پاشان ڕۆڵی گرنگی «فەرەیدون ڕەهنما» کە بە جانتایەکی پڕاوپڕ لە شیعری نوێ لە فەرەنساوە دەگەڕێتەوە ئێران، ئیتر زۆربەی شیعرەکان بە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی نووسراون، فەرەیدوون ڕەهنما دەست دەکات بە وەرگێڕانی شیعرەکانی نێو جانتاکەی بۆ سەر زمانی فارسی، دەقەکان بریتی بوون لە شیعری هەریەک لە لۆرکا، پۆل ئیلوار، ئاراگۆن، ئەندرێ بریتۆن، گیۆم ئەپولێنیر، ڕوفائیل ئەلبێرتی، شاملوو بە ناسینی فەرەیدوون ڕەهنما، دووچاری شۆکی دووەم دێت، هێدمەیەک لە جێکەوتی شۆکی نیما کەمتر نییە، فەرەیدوون کتێبی جۆراوجۆری دەدایە شاعیرەکان تا بیخوێننەوە، هاوکات کۆمەکی داراییشی دەکردن بۆ چاپکردنی کتێبەکانیان، ئەم ڕۆڵ و چالاکییە ئەدەبییەی فەرەیدوون ڕەهنما و گەڕانەوەی لە فەرەنساوە بۆ ئێران بەو جۆشوخرۆش و ڕوحی مۆدێرنەوە، بەخشش و چالاکییە ئەدەبییەکانی «دکتۆر فەرهاد پیربال»م بیر دەخاتەوە فەرهاد پیربال دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بە هەمان ڕوحی مۆدێرنەوە لە فەرەنساوە دەگەڕێتەوە کوردستان و چەشنی فەرەیدوون ڕەهنما جانتاکەی پڕە لە دەقی شیعری جیهانی و پرۆژەی جۆراوجۆری ئەدەبی، سەرەتا گۆڤارێک دەردەکات بەنێوی -وێران- و تێیدا بایەخ بە ئەدەبیاتی دادایی و سوریالی و دەقی فۆرمالیستی دەدات و بەروحێکی مۆدێرن شیعر و چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمان و شانۆنامە دەنووسێت و چەندان شیعری جیهانی وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی، فەرهاد پیربال لە ئەورووپا دەقی «خوێنی پیس»ی ڕامبۆ وەردەگێڕێت و لە هەولێریش دەقی «بەلەمی مەست» و چەپکێک شیعری ژاک پرێڤێر و باخچەیەک شیعری فەرەنسی، دەقەکانی بۆدلێر و برۆتۆن و ڕامبۆ و پۆل ئێلوار...تاد، هەروەها دکتۆر فەرهاد پیربال، کتێبێک دادەنێت بەنێوی ڕێبازە ئەدەبییەکان، وێڕای بایەخدانی بە هونەری شێوەکاری و شانۆ و گۆرانی و لێکۆڵینەوە دەربارەی مێژووی هونەری شێوەکاری و مێژووی سینەماکانی کوردستان و مێژووی سەرهەڵدانی یەکەم پەخشانی کوردی دەنووسێت و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا داکۆکی لە ئازادی نووسین و ئازادی تاک دەکات، ئێستاش بە هەمان هێزی ئەدەبی سەرقاڵی نووسینی جۆرێک لە شیعرە کە دەکەوێتە نێوان شیعری حجم و شیعری زمانی و دەنگییەوە، بە کورتی دکتۆر فەرهاد پیربال دوای گەڕانەوەی لە فەرەنسا زۆرترین ژانری ئەدەبی و هونەری تاقی دەکاتەوە، ئەم حاڵەتەی فەرهاد پیربال گوتەیەکی «ڕۆلان بارت»م بیر دەخاتەوە کە لە کتێبی «چێژی دەق»دا جەختی لەسەر دەکات، دەڵێ: هونەرمەند، یان نووسەر دەتوانێ ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکان یەک لە دوای یەک تاقی بکاتەوە، بۆ نموونە شێوەکارێک لە بارەی دەقێکی شیعری بنووسێت، یان سینەماکارێک لەبارەی موزیک...تاد. هەڵبەتە ئەم حاڵەتە پێوەندی بە هێزی داهێنان و چۆنیەتی بەکاربردنی ئەم هێزە ئیکسیرییەوە هەیە، ئێستا دووبارە دەگەڕێمەوە سەر شەپۆلە شیعرییەکان لە ئێران و بەردەوامی بە باسەکە دەدەم - شەپۆلی نوێ -موج نو- دیارترین دەنگی ئەم شەپۆلە شیعرییەی ئەحمەد ڕەزا ئەحمەدی بوو، کە کاریگەر بوو بە تێکستەکانی هەریەک لە سوهرابی سپێهری و بیژەن جەلالی، ئەم

شەپۆلە زۆرتر متمانەی دەکردە سەر جۆرێک لە لیریک و وێنەی شیعری، گرنگترین کۆڵەکەی شیعری هەور و با و درەخت و شینێتی ئاسمان و حاڵەتە ڕۆژانەیی و خودییەکان بوو. بەر لەوەی لە شەپۆلە شیعرییەکانی تر بدوێم، پێم باشە ئاماژە بەوە بدەم کە هەردوو نووسەر ئەحمەد حەیدەری و حەمزە کوتی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەن جۆرێک لە لێکچوون و هاوبەشی لەنێوان شەپۆلە شیعرییە ئێرانییەکان و عەرەبییەکاندا بدۆزنەوە و لە دەسپێکی نووسینەوە جەخت لەسەر هەوڵە شیعرییەکانی هەریەک لە نیما یوشیج و بیژەن جەلالی و ئەحمەدی شاملوو دەکەن،

- **قطعنامە/** ڕێککەوتن، مانیفێستێک لەپێناو قەسیدەی پەخشان

شاملوو لە قەسیدەی درێژی پەخشاندا، لە مەینەتی گەل و نەتەوەکان و ستەمی دیکتاتۆرەکان دەدوا، تێیدا هەستی نەتەوەیی و چەرمەسەری زیندانییە سیاسییەکان دەخرایە ڕوو، لە ڕووی هونەریشەوە بایەخی بە بنیادی مۆسیقی و خودی تاقە وشە دەدا، قەتعنامە وەک قەسیدەیەکی سپی بانگەشەیەک بوو بۆ سەرەتای قۆناغێکی نوێ و کۆتایی هێنان بە هەژموونی شیعری نیمایی، کە نێوەندی شیعری ئێرانی داگیرکردبوو.

- شیعری حجم/ «شیعری شەشپاڵوویی «التكعيبی»، یان ئاوێزەیی «الموشور» شیعری حجم زۆر لە شەشپاڵوویەکی شووشەیی دەکات کاتێک تیشک دەیسمێت و تیشکەکە دابەش دەبێت بۆ تیشکگەلێکی ڕەنگی، لێرەدا خودی تاقە وشەش بە هەمان شێوە قەسیدە دەسمێت تا بۆ زۆر جۆرە تاقە وشە دابەش بکرێت، شاعیری حجمی تەرکیز لەسەر یاریکردن بە زمان دەکات، ئەمەش لە ڕێگەی دواخستن و پێشخستنی تاقە وشەکانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەو وێنەیەی کە پێشکەشی دەکات بۆ ئەوەیە جۆرێک لە کێشە و ناکۆکی لە نێوان وێنەکاندا دروست بێت، پێکهاتەی شیعری حجم زۆرتر پشت بەم حاڵەت و بنەمایانە دەبەستێت کە لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کردن، لێرەدا ئاماژە بە یەدوڵڵا ڕوئیایی شاعیر دەکرێت، کە بنەمای شیعری تەکعیبی داناوە و ئەو شاعیرانەش کە واژوویان لەسەر مانیفێستی شیعری حجمی کردووە بریتی بوون لە بیژەن جەلالی، پەرویز ئیسلام پوور، مەحموود شجاعی، بەهرام ئەردەبیلی، منوچهر شیبانی، هۆشەنگ تندرکیا، فیروز ناجی...تاد لە ڕوویەکی دیکەوە شیعری حجم بایەخی بە توخمی دیالۆگ دەدا، بە تایبەتی لەگەڵ مێشومەگەز و هەندێ لە ئاژەڵان. لەوانەیش پشیلە.

- **شیعر دیگر** = شیعری دی= الشعر الأخر «١٩٦٠»، هەمان گرووپ و لایەنگرانی شیعری حجم بوون، ویستیان مۆرک و خەسڵەت و تامویۆیەکی تر بە قەسیدە ببەخشن، بایەخیان بە ڕەوت و ئاراستەیەکی جیای شیعری دا، ڕەوت و ئاراستەیەک کە سۆفیزم و بیرخستنەوەی زمانی بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، دیارترین شاعیرانی ئەم شەپۆلە بریتی بوون لە بیژەن ئیلاهی، سیروس ئەتابای، پیرۆز ئیسلام پوور، مەحموود شجاعی، فەیروز ناجی بەهرام ئەردەبیلی..

- **شاعیرانی گوفتار:** ئاخاوتن، یان پەیڤ [الحديث أو الكلام]

شاعیر لە گوفتاردا قەسیدەکەی بەو شێوەیە دەنووسێت وەک چۆن قسە دەکات و دەژێت، شەپۆلی گوفتار پێش شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، قەسیدەگەلێکی پەرشوبڵاو بوو، بەڵام دوای ڕۆیشتنی «سەید عەلی ساڵحی بۆ تاران کە بە گرنگترین دەنگی گوفتار دادەنرا، شاعیرانی سەربەم جۆرە قەسیدەیە یەکیان گرتەوە، هەڵبەتە سەید عەلی ساڵحی دوای ئەوەی دەچێتە تاران لە شەپۆلی شیعری ناب پاشگەز دەبێتەوە و ڕووەکاتە سەرکێشی و موغامەرەی شیعری تر.

لە شاعیرە گرنگەکانی گوفتار، نوسرەت ڕەحمانی، مەجید زەمانی ئەسیل، محەمەد حسێن جەعفەریان، عەلی باباچاهی، سەید حەسەن حسێنی، بەڵام لە بنەڕەتدا ڕەگوڕیشەی شیعری گوفتار بۆ سروودەکانی زەردەشت و دەقەکانی حافزی شیرازی و شیعرەکانی مەولانای ڕۆمی «مەولەوی» دەگەڕێتەوە.

- **موج ناب،** الموجة النقية» شەپۆلی پەتی و بێگەرد و پاڵاوتە.

شەپۆلی ناب ساڵی ١٩٥٧ لە باشووری خۆرئاوای ئێران و لە پارێزگای خۆزستان سەری هەڵداو دواتر ڕووی کردە شوێنەکانی تر، ئەوکات سەید عەلی ساڵحی لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو، کە بیرۆکەی شیعری «دیگر» کاری تێ کردبوو، دەیویست شەپۆلی ناب بە بێگەردییەکەی ڕووبەرە شیعرییەکان داگیر بکات، بە متمانە کردن لەسەر تێئاخنینی ڕەگەزی کەلەپووری ڕۆشنبیری بەختیاری، بەسەرجەم دابونەریت و هێماکانییەوە، شاعیر هەوڵی دەدا لە تێکستەکەیدا زار «لهجه»ی بەختیاری بڵاوبکاتەوە، شاعیرە گرنگەکانی شەپۆلی ناب بریتی بوون لە، سەید عەلی ساڵحی، سیروس ڕادمنش، ئاریا ئاریاپوور، حەمید کەریم پوور، هۆشەنگ جالنکی...تاد.

دواتر دوو شاعیری تر چوونە پاڵ شەپۆلی ناب و هەوڵیان دا

ڕۆشنبیری لۆکاڵی خۆیان بئاخننه نێو دەقەکانیان کە بریتی بوون لە سەید نەعیم موسەوی و مەحموود نائل.

– **شعر بە دقیقه اکنون** «الشعر، بالدقيقة الحالية» شیعر لەم خولەکەی ئێستادا.

فەیرووزە میزانی کچە، شاعیر هەڵبژاردەیەکی شیعری ئامادەکرد و دەقی کۆمەڵێک شاعیری لەخۆ گرت، ئەم هەڵبژاردەیە هەوڵێک بوو بۆ ناساندن و پێشکەش کردنی واقیعی شیعری لە ئێران و لە دوایین خولەکدا، خاتوو فەیرووزە لە دیاریکردنی شیعرەکاندا گرنگی بەم خاڵانەی خوارەوە دابوو، هەڵبژاردنی کۆمەڵێک دەقی کورت کە لایەنی هونەری و ئیستێتیکی ڕوونی «شفافية»یان تێدا بە هێزەو لە هەمان کاتدا هەڵگری جۆرێک لە توخمی شیعرگەرایین، دیارترین شاعیرانی ئەم شەپۆلە، فرامرز سلێمانی، سیروس ڕادمنش، فیرووز ناجی، هۆشەنگ جالنکی، قاسم ئاهنین جان، فهیمه غنی نجاد، بیژەن جەلالی، هرمز عەلی پوور، ئاریا ئاریا پوور، بەڵام لە کۆتاییدا ئەم هەوڵ و کۆششەی خاتوو فەیرووزە لە نێوەندی ئەدەبی ئێرانیدا نەبووە ڕێباز و شەپۆل و قوتابخانە و ئاراستەیەکی شیعری و ئەدەبی.

– **ڕەزا بەراهەنی و «شعر زبانی»:** شیعری زمانی ڕەزا بەراهەنی شاعیر و ڕەخنەکار و ڕۆماننووس لە دایکبووی ساڵی ١٩٣٥ تەبریز–ئێرانە، خاوەن ٥٤ کتێبە و وێڕای کتێبێکی گەورە و قەبە دەربارەی شیعر و پەخشان، بەراهەنی لە دەورانی حوکمڕانی «شا»دا ١٠٢ ڕۆژ لە زیندانی تاقەکەسی بەند دەکرێت، دوای شۆڕشی ئیسلامی و لە ساڵی ١٩٩٦ ئێران بەجێ دێڵێت و ڕوودەکاتە وڵاتی کەنەدا، بەراهەنی لە نووسینێکیدا کە لە سایتی «الحوار المتمدن»دا بڵاوکراوەتەوە زۆر بە ڕاشکاوی داکۆکی لە مافی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران دەکات و پێی وایە زمانی فارسی لە سەرجەم دامودەزگا کولتوورییەکاندا بەشێوەیەکی فەرمی هەژموونی خۆی سەپاندووە بواری بۆ زمانی پێکهاتە و نەتەوە جیاجیاکانی تر نەهێشتۆتەوە، بۆیە داوای ماف و ئازادی بۆ نەتەوەکانی ئێران دەکات و دەڵێ ناکرێت تاکەکانی نەتەوە لە خوێندنەوە و نووسین و گەشەو پێشکەوتنی کولتووری بە زمانی دایک بێ بەش بکرێن.. من مەبەستم لەم نووسینەدا زۆرتر جەختکردنە لەسەر شەپۆلی شیعری زمانی، کە ڕەزا بەراهەنی بەدامەزرێنەری دادەنرێت، هەروەها حەز دەکەم بزانم بەراهەنی لە کتێبی «خولیای نووسین»دا چۆن لە چەمکی زمان و شیعری زمانی دەدوێت، بەراهەنی سەرەتای ئەزموونی شیعری بەشێوازی نیمایی دەست پێ دەکات، پاشان دەچێتە سەر ڕێچکەی شیعری سپی، بەڵام جێگیر نابێت و دەگاتە ئەو بڕوایەی شەپۆلێکی شیعری تایبەت دابمەزرێنێت، بەراهەنی پێش شۆڕشی ئیسلامی، دیوانێکی چاپ و بڵاو دەکرێتەوە، هەروەها لە کتێبی «مێژووی نێرایەتی»دا کۆمەڵێک تێکستی کۆن و دێرین شی دەکاتەوە و تێیاندا خەسڵەت و ئاماژەی زمانی نێرایەتی و باوکسالاری دەدۆزێتەوە، ڕەزا بەراهەنی لە شەپۆلی شیعری زمانیدا، دەیەوێت گوتارێکی نوێ دەرببڕێت، بۆیە لە دیوانی گوتارێک بۆ «پەپوولەکان»دا بانگەشەی گوتارێکی شیعری نوێ دەکات و بەشێوەیەک متمانە لەسەر زمان دەکات جیا لەوەی کە پێشتر متمانەی لەسەر دەکرا، دیوانی پەپوولەکان لە مانیفێستێکی شیعری نزیکە کە ئامانجی دامەزراندنی گوتارێکی نوێیە لەپێناو ژیاندنەوەی جەستەی شیعری فارسی، بەراهەنی لە پرۆژەی شەپۆلی شیعری زمانیدا نەخشەیەکی نوێ دەکێشێت و تێیدا متمانە لەسەر گۆڕینی قەسیدە و دەرچوون لە یاسا کۆن و نوێیەکانی دەکات، دکتۆر ڕەزا بەراهەنی کاتێ بنەماکانی ئەم شەپۆلە شیعرییە ڕادەگەیەنێت، لەژێر کاریگەری بیروبۆچوونە هزری و مەعریفی و ڕەخنەییەکانی هەریەک لە (جاک دریدا و ڕۆلان بارت و یاکوبسن)دایە، بۆیە شیعری زمانی لای بەراهەنی لە یاساکانی زمانی کۆن دەردەچێت و هەوڵ دەدات بنیاد و پێوەندی نێوان کار و بکەر و بەرکار تێک بشکێنێت و واتای کات و کاتی ئایدیۆلۆژی لەدەست بدات، تا بەیەکجاری لە هەژموونی ئایدیۆلۆژیاکان ڕزگاری بێت، لەم شەپۆلە شیعرییەدا زمان لە دایکبووی چرکە و پێکهاتەیەکی شیعرییە و تەنیا بەردەبازێک نییە بۆ بابەتەکانی وەک خۆشەویستی و جەنگ، بەڵکو بۆ بەکارهێنانی خۆشەویستی و جەنگە لە پێکهاتە و ئاوێتەیەکی زمانی و شیعریدا کە بە ئەنقەست هەوڵ دەدات و لە ڕێگەی زمانێکەوە چۆن بۆی بلوێت یاری بە بابەتەکان بکات و تا بۆی بکرێت لە بابەتە باوەکان دەربچێت، لەلایەکی دیکەوە شیعری زمانی سپەیس و بۆشایی شیعری تێدایە، سپەیس و ڕووبەرگەلێک لەنێوان وشەکان و کردارەکان جێ دەهێڵێت تا خوێنەر بەپێی خوێندنەوەی خۆی واتا کە تەواو بکات، یان بەشێوەیەکی تر قەسیدە بەکراوەیی دەمێنێتەوە تا لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکی بۆشاییەکانی نێو دەق بوارێکی بیرکردنەوە بۆ خوێنەر بهێڵێتەوە و وشەکان و کردارەکان لەگەڵ یەکدی

پەیوەست بکات، کەواتە لەم شەپۆلە شیعرییەدا جۆرێک لە ئازادی بەوەرگر دراوە و تا بتوانێت لە رێگەی بیرکردنەوە و لێکدانەوە زەینییەکانییەوە سپەیس و بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە و جۆرێک لە واتا بە تێکست ببەخشێت، چونکە جوولەی قەسیدە لە شەپۆلی شیعری زمانیدا جوولەیەکی بازنەییە و دواجار دەگاتە نەفیکردنێکی زمانی، بۆشاییەکانی نێو دەق ڕووبەری هێمنن، یان ئەوەتا بە ژاوە ژاو و دەنگە دەنگن، ئەمەیش لەپێناو کار لەیەک کردنە لەگەڵ دەق و زمانە پەرشوبڵاوەکەی لە گۆشەیەکی ڕووناک، یان تاریکدا، تا خوێنەر خۆی بدۆزێتەوە و گەردوون نەفی بکات لەوانەیە نەفیکردنی گەردوون خۆی لەخۆیدا نەفیکردنی زمان بێت..

لێرەدا بەکاربردنی تەکنیکی ڕووبەر و بۆشاییە هێمن و بە ژاوە ژاوەکان لە دەقی شەپۆلی زمانیدا، هەم خشتەی وشە یەکتربڕەکانم بیردەخاتەوە کە چوارگۆشە سپییەکان هانی کەسەکان دەدەن بە دوای زانیاری جۆراوجۆردا بگەڕێن هەم خودی ئەو بۆشاییە سپییانەی نێو دەق کە [ئایزەر] جەختیان لەسەر دەکات، ئایزەر پێی وایە هەموو تێکستێکی ئەدەبی کۆمەڵێک بۆشایی تێدایە، زۆرجار خودی بۆشایی دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی وەرگر هەوڵی پڕکردنەوەی بدات، بەڵام لای ئایزەر ڕۆڵ و چالاکییەکانی وەرگر پێوەندی بە جەمسەری ئیستێتیکییەوە هەیە، دواتر لەم بابەتە دەدوێم، لە ڕوویەکی دیکەوە دەکرێ بە ڕوانینێکی هایدگەری بۆشایی نێو دەق بە بۆشایی نێو بوونی مرۆڤ بچوێنین، مەبەستم ئەوەیە چۆن لە جیهاندا دەقی پڕ و تەواو کۆ و بەرکەمال بوونی نییە و ئەوە خوێنەری وەرگرە هەوڵی پڕ کردنەوە و پێدان و بەخشینی مانای دەدات، بوونی مرۆڤیش لە سەرەتاوە بوونێکی ناتەواو و بێ بنەڕەت و پڕ لە کەلێن و بۆشاییە، مرۆڤ لە ڕێگەی هەوڵ و کۆشش و چالاکییەکانییەوە دەیەوێ کەلێن و بۆشاییەکانی بوونی پڕ بکاتەوە، دواجاریش مەرگ دێت و سەرتاسەری بۆشاییەکانی بوونی بەیەکجاری و تا هەتایە پڕ دەکاتەوە.. لێرەدا بەرلەوەی ڕوو لە کتێبی «خولیای نووسین بکەم، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە کۆمەڵێک شاعیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەم کە تا ئێستا بە هەمان ڕێچکە و ڕێبازی شیعری شەپۆلی حەجم و شەپۆلی زمانی دەنووسن، لەوانە ڕەزا عەلی پوور، یوونس ڕەزایی، حەمە ساڵح سووزەنی، ئیبراهیم ئەحمەدی نیا، کامبیز کەریمی، جەمیل مورادی، کەمال ئەمینی، شوعەیب میرزایی، ئەنوەر عەرەب، کاتی خۆی بابەتێکم دەربارەی ئەزموونی شیعری ڕەزا عەلی پوور نووسی و کارم لەسەر ئاماژەکانی کتێبی «قاڵییەک دەناسم لەهەرچی گوڵیەتی ماندووە» کرد و لە یەکێ لە ژمارەکانی گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاوکرایەوە، بەڵام ڕەنگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەخششی شیعری [پەرویز زەبیح غولامی] مۆرکێکی تایبەت و جیاواز وەربگرێت و بکەوێتە دەرەوەی ئەو دوو شەپۆلە شیعرییەی کە ئاماژەم پێ داون، چونکە پەرویز لە ئەزموونی تێکستەکانی ئەم دواییەیدا بە بەکاربردنی زمانێکی ئێجگار توندوتیژ و ئایرۆنی و بەرجەستەکردنی وێنەی دەگمەنی شیعری و هزری ئەنتۆلۆژی و جۆرێک لە گێڕانەوەی کورت کار لەسەر تێمەگەلێکی جۆراوجۆر دەکات.. لێرەدا حەز دەکەم جەخت لەسەر هەندێ خاڵی گرنگ بکەم کە پەیوەستن بە جیهانی شیعرەوە، یەکێ لەم خاڵانە توخمی «شیعرگەرایی»یە کە لەنێو خودی زماندا نیشتەجێیە، ئەم توخمە ئیکسرییە لای «جان کوهین» پابەندە بەخزین و لادان و ترازانی زمانییەوە، لای «ستانلی فیش» وێڕای زمان بە چێژ و گەمەزەینییەکانی «وەرگر»ەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو تێکشکاندن و گەمە و لادان و لێکترازانێکی زمانی، توخمی شیعرگەرایی بەرهەم بهێنێت، چونکە شیعر چەڵتە چەڵتی زمانی نییە!

ئەگەر لە ڕوانگەی جەمسەرەکانی «ئایزەر»ەوە سەیری دەق بکەین، کە بریتییە لە جەمسەری هونەری و جەمسەری ئیستێتیکی، هەست دەکەین سەرجەم چالاکییەکانی دانەر بە بنەما و خەسڵەت و ئاماژەکانی شەپۆل و ڕێبازە شیعرییەکانیشەوە دواجار لە جەمسەری هونەریدا بەرجەستە دەکرێن، هەڵبەتە جەمسەری ئیستێتیکی لای ئایزەر پێوەندی بە وەرگرەوە هەیە، مەبەستم ئەوەیە لە کۆتاییدا بنەمای تەوژم و شەپۆلی شیعری بێجگە لە کۆمەڵێک داتا و زانیاری، شتێکی تر نییە، کەچی خودی شیعر بوونەوەرێکی زمانییەو حەز بە ئازادییەکی ڕەها دەکات و هەمیشە شوورەی داتاو زانیارییە باو و دەستنیشان کراوەکان تێکدەشکێنێت، لە هەمان کاتدا دانەر لە ڕێگەی گەمەو لێکدانەوە زەینییەکانییەوە باکگراوندی خۆی دەنووسێتەوە، چونکە بە بۆچوونی «هایدگەر» شیعر زمانە، یان جۆرێکە لە بیرکردنەوە، لە هەمان کاتدا ئەوە خوێنەرە واتا بەدەق دەبەخشێت و دەلالەتە نەگوتراوەکان دەدوێنێت و جوانییە شاراوەکان دەدۆزێتەوە، واتە ئەگەر ڕۆڵ و چالاکی وەرگر بەرقەرار نەبێت، بێ گومان دەقە شیعرییەکان

«کتێبەکان» لە ڕەفەی کتێبخانەکاندا تۆزیان لەسەر دەنیشێت، مەبەستم لەو پێوەندییە سیمیۆلۆژی و ئیستێتیکییەیە لەنێوان وەرگر و دەقدا، وادیارە هەر لەبەر ئەمەشە ئەو نووسینە ئاڵۆز و کەمخوێنانەی لەدەرەوەی هێزی شیعری و شیعرگەراییەوە دەنووسرێن و بەنێوی شیعر بڵاودەکرێنەوە لەلایەن وەرگرەوە پێشێوازییان لێ ناکرێت و ناخوێندرێنەوە، چونکە شیعر تەنیا گەمەی زمانی و گەمەکردن نییە لەگەڵ زمان، بەڵکو ئەفراندنی زمانێکە لێوانلێو لە خەیاڵ و هەستی ئیستێتیکی و ڕیتم و دنیابینی و ئاماژە و هزر و وێنە، یان بە شێوازێکی تر زمانێکی میتافۆری پڕاوپڕە لە هزر و ئاماژەی نەگوتراو و دەلالەتی دواخراو، دەکرێ بڵێم ئەوە چەمکی چێژە دەق و وەرگر بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، تەزووی چێژێک لە پنتی دیار و شاراوەی جەستەی سۆزانییەکی خانەدان دەکات، چێژێک هەم خۆشی و سەرخۆشی بەخشە، هەم وروژێنەری یاری و لێکدانەوە زەینییەکانە، دەق لەلای «بارت» جەستەیە، لە هەمان کاتدا شیعر هەڵگری جەستەگەلێکی شاراوەی ئیرۆتیکی و پۆرنۆبییە، مەبەستم ئەوەیە ئەوە حەز و چێژ و خەیاڵ و ڕاڤەی زەینی خوێنەرە کە واتا و بەهای ئیستێتیکی بە تێکست دەبەخشێت.

جا لێرە بەدوا، ڕوو لە بەشی یەکەمی کتێبی «خولیای نووسین» دەکەم و با بزانین ڕەزا بەراهەنی چۆن لە نووسراوی ئازاد دەدوێت، بەراهەنی پێی وایە [نووسراوی ئازاد تەنیا لە کاتی نووسیندا دەخوڵقێ، نە پێشتر و نە دواتر]، بەڵام لەم نووسینەیدا زۆرجار بە زمانێکی توندوتیژ لە چەمکی ئازادی و نووسراوی ئازاد دەدوێت و هەڵچوونی توندوتیژییەکەی دەگاتە ئاست و ڕادەی زەبروزەنگی ئاژاوەیەکی زمانی، توندوتیژی و زەبر و زەنگێک زۆرتر لە هاوارە شێت ئامێزەکانی «ئانتۆنین ئارتۆ» دەچێت کاتێک لە شانۆی توندوتیژدا بەنیازبوو خودی زمان بگەڕێنێتەوە بەرەو دەسپێک و سەرەتای پەیدابوون، ئێمە دەزانین «ڕامبۆ» دەیگوت لەکاتی نووسیندا پێویستە تا سەر ئێسقان ئازاد بین، بەراهەنی پێی وایە ژیانێک هەیە دەکەوێتە نێوان قەڵەمێک و هێندێ کاغەزەوە. [تەنیا ئەوە ژیانە کە بەهۆی قەڵەمەوە دێتە سەر کاغەز، ئەگەر نووسین ئامانجێکی هەبێ، هەر لەو مەودایەی نێوان قەڵەم و کاغەزدایە] بەراهەنی ژیانی دەق بەسەرخۆ دادەنێت، بێجگە لە بوونی خۆی پێوەندی بەهیچ شتێکی دەرەکییەوە نییە، [ژیانی نووسراوەیەک تەنیا بەژیانی ئەو نووسراوەیە بەستراوەتەوە و پێوەندی بەهیچ هێزێکی دەرەکییەوە نییە، خۆی ئاسمانی خۆی دەستنیشان دەکا...] ئەم بۆچوونەی بەراهەنی چەمکی - محایثە-مان بیردەخاتەوە، کە چەمکێکی لاتینییە، بە واتای تێیدا دەمێنێتەوە و نیشتەجێ دەبێ، واتا ئامادەیی شتێک لە خودی خۆیدا، بەپێی ڕوانینی بنیادگەری محایثە، یان شیکاری محایث، بریتییە لە دوورخستنەوە و دەربازکردنی دەق لەسەرجەم ئەو سیاقانەی دەوریان داوە، ئەوە دەقی سەربەخۆیە بە خودی خۆی کە واتا بەرهەم دەهێنێت و بەهۆی جیابوونەوەی لە هەر شتێک، خاوەندارێتی دەلالەتەکانی دەکات، توێژینەوەی -محایث- سەرجەم توخمە دەرەکییەکان لە خودی دەق دوور دەخاتەوە و بە تەنیا ئامادەیی دەقی لا گرنگە و کار لە خودی دەقدا دەکات، بەراهەنی وای بۆ دەچێت [کە نووسراوە پێویستە لە ئازادییەکی تەواودا بنووسرێت، درۆکردن بەپێچەوانەی بەرژەوەندی ئازادییە و کاغەز خوێنمژ و جەللاد نییە! کاغەز تەنیا دەروونی تۆی دەوێ] بەراهەنی باس لە خۆڕاگەیاندن و خۆنووسی نووسەر دەکات کە چۆن بە ناخی خۆیدا شۆڕ دەبێتەوە و گوزارە لە چرکەساتەکانی دەکات [ئەگەر بەناخی خۆتدا شۆڕ بێتەوە و تێی بڕوانی و بەیانی بکەی، جیهانیشت بەیان کردووە] بەراهەنی لە ئازادی نووسیندا لەچرکەی نووسین دەدوێت کە چۆن خودی دانەر لەو چرکەیەدا لە باکگراوندی کەڵەکەکراو دادەبڕێت و بیرکردنەوە و ڕامانەکانی دەنووسێتەوە.

[نووسراوە نابێ گرێبەستێکی لەدەرەوەی خۆی هەبێ، یان گرێبەستێک لە دەرەوەی خۆی قبووڵ بکا] دەشێ ئەم گرێبەستە چەمکی عیشق و جوانی نەگرێتەوە، چونکە کردەی نووسین زۆرجار لە چرکەکانی نائاگاییشدا بەهەست و ئاگری ئەم چەمکە نێوبراوانە گەمارۆ دەدرێت، دواتر بەراهەنی بەدید و ڕوانینێکی - هیگڵ-ی لە خودی نووسراوە و ئازادی نووسین دەدوێت و ئاماژە بە جووڵەی نێو دەق دەکات [جووڵانەوە تەنیا لە بەشداری دژکارەکان لەگەڵ یەکتر و تێکەڵ بوونی دژەکاندا دەخوڵقێ]، هەروەها ئەرکی نووسەر بەخودی نووسراوەکەی دەبەستێتەوە [ئەرکی نووسەر خودی نووسراوەکەیەتی، نووسراوەش سەرتاپا ئازار و خەم و شادی و سەرخۆشی و ئاوات و ناکامییەو ئەم ژیانە دەتوانێ چ پەیامێکی پێ بێ، بێجگە لە خودی ژیان؟] ڕەزا بەراهەنی لەم نووسینەیدا زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژە بۆ هزری شاراوەی جۆرێک لە پووچگەرایی و

هیچگەرایی و بوونگەرایی دەدات و پێی وایە نووسەر - دانەر- [چارەی نییە، غەیری ئەوەی چاو لەو ئیبلیسەی ناخی خۆی بکاو هەوڵ بدا بۆ ئاشکرا کردنی ڕازەکانی، تەنیا کەسێکیش دایمە یەکڕەنگە کە ساتێک لەو ئیبلیسەی ناخی خۆی غافڵ نەبووبێ]، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە، بەراهەنی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی «ئیبلیسی ناخ» دەکرێت وابەستەی منی نووسەری دەکات، لەکاتێکدا خودی منی نووسەر خاوەن کەسایەتییەکی عەقڵانی و ڕەوشتپەروەر و خۆپارێزە، کەچی کردەی نووسین وابەستەی چرکەکانی منی نووسینە، کە بریتییە لە خودێکی مەعریفی و لە چرکە نائاگاییەکانی نووسیندا تێڕامان و دنیابینییەکانی دەنووسێتەوە، هەروەها بەراهەنی بە زمانێکی ئێجگار توندوتیژ هاودژی و دژوازییەکانی ڕەوشی کردەی نووسین دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە بڕوانە ئەم پارچە نووسینە چۆن هەندێ لە دەربڕینەکانی «نیتشە»مان بیردەخاتەوە، [دژوازی گەلێک لە ناخماندا هەیە کە تەنیا کاتی نووسین دەپشکوێن، دەمانەوێ دۆستەکەمان هەناسە نەکێشێ، نەیارەکەمان لە سەری یەکەم کۆڵان بەگەرموگوڕی لە باوەش بگرین و ڕاییووسین، دەست بکەینە ملی قاتلی خۆمان و لەگەڵی بەرەو شوێنی داهاتووی کوژرانی خۆمان وەڕێ کەوین، داوای لێ بکەین بمانکوژێ، کاتێ چەقۆکەی تا بن دەسک لەسەر دڵمان دەچەقێنێ و دەیسووڕێنێ، بە خوێنەکەمان دوعای بۆ دەکەین، لەوپەڕی مەرگەوە خۆشەویستی و سۆزی دژوازی خۆمان دەنێرین بە شوێن قاتلکەماندا] بەراهەنی بەم زمانە توندوتیژ و ئایرۆنییە، بە شێوازێکی میتافۆری دەیەوێ بەشێک لەهزر و بۆچوونەکانی مەسیحییەت قلْپ بکاتەوە، ڕەنگە ئەمە ئاماژە بێت بۆ نووسینێکی «نیتشە» دەربارەی دەرکەوتنی مەسیح و ئایینی مەسیحییەت، کە هۆکارێک بوو بۆ لە دەستدانی چێژ و گەمارۆدانی چێژی ئیرۆتیکی بە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای سوننەتی، [ئێمە کە کوژرانی مێشوولەیەک ئازارمان دەدا، دەبێ خەنجەری ئەو بگرینە دەست و لە هەموو دەمێکدا ئەوە ئێمەین نەک قاتلەکە]. بەراهەنی دەڵێ: نووسەر، نەخۆشێکە لە شێتخانەی وشەدا، ڕایدەپەڕێنین، یان «نووسەر نەخۆشێکە و وشە شێتخانەی ئەوە».

ئەم دەربڕینەی «ڕەزا بەراهەنی» سەبارەت بە نووسەر و کردەی نووسین دەربڕینێکی «ژۆرژ باتای»مان بیردەخاتەوە کاتێ دەڵێ: [من بۆیە دەنووسم شێت نەبم]، واتە نووسەر شێتی دەنووسێتەوە، ڕەنگە لای بەراهەنی چەمک و زاراوەی [شێتخانەی وشە] پێوەندی بە بوونی زمانەوە هەبێت، کە لای ئەفلاتوون زمان هەم ژەهرە هەم دەرمان، هەروەها زمان لای هایدگەر ماڵی بوونە، بەڵام دانەر ئەگەر نەخۆشێک بێت و لە ماڵی بوون و شێتخانەی زماندا حاڵەتەکانی «ئەفازیا و پسک» و سایکۆلۆژییەکانی بنووسێتەوە، ئەوە لە هێرمنیوتیکای «گادامێر»دا دەلالەتە سایکۆلۆژییەکان وەلا دەنرێن و کار لەسەر دەلالەتە مێنتال و زەینییەکان دەکرێت، لە ڕوویەکی ترەوە لای (فوکۆ) چەمکی شێتی لە کردەی نووسیندا بە توخمێکی گرنگ دادەنرێت، بۆیە بەراهەنی دەڵێ «نووسین لە هەناوی خولیایی و جینایەت و ترس و مەترسی و دڕدۆنگی و جنێو و خۆکوژییەوە دێتە دنیا»، دواتر بەراهەنی هەر لەم بەشەدا بەشێوەیەکی ترسناک لە خودی «کتێب» دەدوێت و دەڵێ: «فاتحی ڕاستەقینە نووسەر نییە، بەڵکو کتێبە، کتێب تەنانەت نووسەریش فەتح دەکا، مۆتەکە سواری سنگی نووسەر دەبێ و لەژێر قورسایی ترس و خۆفی خۆیدا لەنێوی دەبا»، ئەمەش ئاماژەیە بۆ «جاک دریدا» کە پێداگری لەسەر ڕۆڵی کردەی نووسین دەکات و لە خەسڵەتی گرنگی پێدانی ئەفلاتوون بە ڕەگەزی «ئاخاوتن» جیا دەکەوێتەوە، یان بە شێوەیەکی تر جاک دریدا لە «گراماتۆلۆژی- نووسینناسی»دا هەوڵ دەدات چەمکی «فارماکون»ی زمان «دەرمان/ ژەهر» هەڵبوەشێنێتەوە، دریدا نەک هەر ڕەخنە لە ئەفلاتوون دەگرێت، بەڵکو پێی وایە «سوسێر»یش لەبەر هۆکاری میتافیزیکی ناچار بووە بایەخ و گرنگییەکی زۆر بە ئاخاوتن و ڕۆڵی مەدلوول بدات و لە هەمان کاتدا خودی نووسین و ڕۆڵی «دال» پشتگوێ بخات، لای دریدا زمان بریتییە لە نووسین، یان گشت شتێک لە نووسین پێکهاتووە، ئەوەتا لە کتێبی «دەرمانخانەی ئەفلاتوون»دا چەمکی لێکچواندنی نووسین بە فارماکون، هەڵدەوەشێنێتەوە.

ڕەزا بەراهەنی لە نووسینی دووەمدا بەنێوی زمانی ئازاد پێی وایە «زمان لای نووسەر کەرستە نییە، تەنانەت ئامانجیش نییە، زمان مەرگە، مەرگێکی لەسەرەخۆ، نووسەر تەرمی خۆی لە زماندا دەنێژێ»، بەراهەنی لەژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانی نیتشە، بارت، دریدا، بەدوای ئازادی زمان و زمانێکی ئازاددا دەگەڕێت و ئازادی جیهان و ژیانی مرۆڤ بە ئازادی زمان پەیوەست دەکات، بەراهەنی

دەڵێ «زمان ئازاد بکەن، جیهان ئازاد دەبێ، زمان بخەنە بەندەوە، جیهان دەکەوێتە بەندەوە»، بەڵام زمان بۆ خۆی بوونەوەرێکی سەرکێش و نیگەرانە و هەرگیزاو هەرگیز دەستەمۆ ناکرێت، لەبەر ئەوەی پێوەندی نێوان دال و مەدلوول جێگیر و چەسپاو نییە، کەواتە واتا جێگیر نییە، بۆ نموونە بنیادگەرەکان هەوڵیان دا لە ڕێگەی دارشتنی کۆمەڵێک یاساوە لە پێوەندی نێوان دال و مەدلوول بکۆڵنەوە و خودی واتا دەستنیشان بکەن، بەڵام «لاکان» ئەوەی سەلماند کە پێوەندی لە نێوان دال و مەدلوولدا جێگیر و نەگۆڕ نییە و لە کۆتاییشدا مانا «واتا» جێگیر نییە، دواتر جاک دریدا هات و گەیشتە ئەو بڕوایە کە جیاوازی لەنێوان دەوالەکان «الدوال»دا ئامادە نییە، لەبەر ئەمە واتا بەردەوام دوا دەخرێت، یان بە دواخراوەیی دەمێنێتەوە، بەڵام دەشێ، ئەم بۆچوونەی بەراهەنی سەبارەت بەزمانی ئازاد و ئازادی زمان لە بۆچوونە توندوتیژەکانی «نیتشە» و تاعوونەکەی «ئارتۆ» نزیک بکەوێتەوە، هەروەها لەچۆنیەتی بەکاربردن و مامەڵە کردن لای [ڤیتگنشتاین ١٨٨٩-١٩٥١] کە پێی وابوو بەکاربردن ژیان و جووڵە بە زمان دەبەخشێت، هەروەها نیتشە دەیگوت «بنووسە پاشان بیربکەرەوە»، بەڵام دواجار دانەر- نووسەر- هابیتوس و باکگراوندی خۆی دەنووسێتەوە، ڕەنگە بەشێک لەو بۆچوونانەی بەراهەنی سەبارەت بە چەمکی زمان، پێوەندی بە «شەپۆلی شیعری زمانی»یەوە هەبێت، کە خودی بەراهەنی بەدامەزرێنەری نێوزەد دەکرێت، کاتێک دەگاتە ئەو بڕوایە و دەڵێ [من دەڵێم زمان بەرەو خولیایی ڕادەن، تەواوی چوارچێوە و یاساو ڕێسا و گرێبەست و یەسقانەکانی تێک بشکێنن، تەواوی کێش و سەروا و قافیەکانی کە وەک کۆتری دیل وان، ئازادیان بکەن]، بەڵام لێرەدا پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت، دەبێ بەراهەنی لە شەپۆلی شیعری زمانیدا، گرنگی بە توخمی پۆیەتیکا و مینیماڵ و ئەبستراکتی زمانیدابێت؟ چونکە زۆرجار لە جیهانی شیعردا کردەی داڕژانی لە ڕادەبەدەر دەقی شیعری دووچاری درێژدادڕی و چەڵتە چەڵتی زمانی دەکات و لەوانەیە دەق توخمی پۆیەتیکا لەدەست بدات و وەرگر تووشی جۆرێک لە وەڕسی و بێزاری بکات و نەتوانێت بەردەوامی بە کردەی خوێندنەوە بدات، ئاخۆ لە هەمان شەپۆلی شیعریدا ڕۆڵی خوێنەری بەشێوەیەکی قووڵ بە هەند وەرگرتووە، هەڵبەتە زۆربەی ڕەخنەکار و بیرمەندانی بواری ئەدەب جەخت لەسەر خوێنەر و کردەی خوێندنەوە دەکەن، واتە ئەوە خودی خوێنەرە واتا و جووڵە و ژیان بەتێکست دەبەخشێت، تا ڕەخنەکارە بیرمەندەکان جۆرەکانی خوێنەر پۆلێن دەکەن، بۆ نموونە «ڕۆلان بارت» خوێنەر بە هیدونی «شەهوانی» دەبینێت، هەروەها زۆربەی ڕەخنەکارە بیرمەندەکانی بواری ئەدەب دەستنیشانی جۆری خوێنەریان کردووە، ئیکۆ و خوێنەری نموونەیی، ئایزەر خوێنەری ناوەکی، وۆلف و خوێنەری چاودێر، ڕیڤاتیر و خوێنەری سەرکەوتوو، فیش و خوێنەری میسالی...تاد، بە تایبەتی قوتابخانەی کۆنستانس و «تیوری وەرگرتن» یاوس و ئایزەر.. بایەخ و گرنگییەکی زۆریان بە ڕۆڵی وەرگر داوە، ڕەزا بەراهەنی بەدوای زمانێکدا دەگەڕێت گوزارشت لە حەقیقەتی بوون و ژیان بکات، ئەو زمانە ڕەت دەکاتەوە کە لە ڕادەبەدەر پاگژ بۆتەوە، زمان پێویستە سەرجەم بوار و کایەکانی ژیان بگرێتەوە و لەنوێن و چرپای چرکەکانی ئیرۆتیکی و تراژیدیای ژێر پای سێدارەکان هەڵبقوولێت، بەراهەنی لەم نووسینەدا زۆرجار هزر و تێفکرینی بە زمانێکی میتافۆری دەردەبڕێت، زمانێک لێوانلێوە لە موزیک و ئاماژە و وێنەی شیعری، ئەم پارچە نووسینەی بەراهەنی ئاماژەیە بۆ نووسینێکی «نیتشە» سەبارەت بە زمان و میتافۆر [دەبینێ کە مانای گەلێ لە وشەکان ساختەچین، خوازەکان ڕووخەکن وێچواندنەکانی داگیرکەرانەن، دەبینی کە خەفەقان بەسەر زماندا زاڵ بووە] ڕەزا بەراهەنی وا دیارە وەک دکتۆرێکی زانکۆ، لە زماندا داتاشراوی زانکۆکان و خوێندنی باڵا وەڕس و بێزار بووە، بۆیە بەدوای زمانێکی پاراو و ڕەسەندا دەگەڕێت، زمانێک خاڵی بێت لە مۆرکی دەسکرد و دەسەڵاتی فەرمی.

با سەیری ئەم پارچە نووسینەی بەراهەنی بکەین: [لە چوار ڕێیانەکان لە قەرەباڵغترین کاتی ڕۆژدا ئەو کاتەی کە شۆفێرێکی ئاسایی قامووسێکە پڕ لە وشەی زیندوو، ژنێکی هەڵتووتەکاوی چرچولۆچ لە پەنا پیاوێکی لووت بەرزی ئیدارەیی، هەمبانەیەک لە وشەی بەرەڵڵا، ئاوێنەیەکی زمان پاراو دانێن و ڕەسەنایەتی وشەکان ئاشکرا بکەن، مەرگ بۆ خوێندنی باڵا! چونکە زمان، زمانی ڕەسەن و پڕ ئاهەنگ و زیندوو و پڕ لە هەیەجان لە حەنجەرەی شۆفێری کەم خوێندەوارەوە دادەڕژێ، ئەم زمانەش شتێکە لە حەنجەرەی پیاوان و ژنانی خوێندەوار نایەتە دەرێ، لە مەیخانە و گۆڕەپانی قەتڵ و جەنایەت و تریاکخانەو قەحپەخانەکان، لە شوێنی گشتی و مەیدانی تۆپی پێ و

هۆڵی گشتی و گۆڕستان... زەفت دانێن و تۆماریان بکەن...] پێی وایە زمانی سەرجەم دەورگێڕانی شانۆکان و مامۆستایانی قوتابخانە و زانکۆ و قوتابیان داتاشراون، زمانێکە ناتوانێ پێوەی بژی، ناتوانی ئازاد بی و هان بدرێت و تووشی دڵەخورپە بێ، بەراهەنی دەڵێ پێویستە زمان لەپاڵ جەنایەت و مەرگ و شینگێڕی و ئیعدام و ئەوینداریدا بدۆزینەوە، هەر بەم هۆیەوەیە دەڵێم زمان بەرەو خولیایی ڕادەن، چڵک و پەڵەی گرێبەستی ئەخلاق و ئەدەب و ڕێزمان و کێش و سەروا لەسەر تەوێڵی پاک کەنەوە، بەڵام ئەم ڕوانینەی بەراهەنی بۆ خودی زمان و گەڕان بەدوای زمانێکی پاراو و ڕەسەن، لە بنەڕەتدا ڕوانینێکی سوننەتییە، ئەو لە دەسپێکی دەربڕینی ئەم تێمەو بابەتەدا جەخت دەکاتەوە لەسەر کردەی تۆمار کردن، چونکە کاتێ وشە دەردەبڕدرێت یەکسەر دەمرێت، ئەمە ڕوانینێکی ئەفلاتوونییە بۆ کردەی ئاخاوتن، ئەفلاتوون پێی وایە هەر تاقە وشەیەک کە واژە دەکرێت یەکسەر دەمرێت، بەڵام کێشەی زمان بە تایبەتی لەبواری نووسیندا، پێوەندی بە پاککردنەوە و پاراوییەوە نییە، چونکە زمان چەشنی بوونەوەرێکی سەرکێش و نیگەران هەمیشە لە دان و ستان و ئاوێتە بووندایە و وشە کاتێ بەپێی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگاو جیهان بەهای ئیستێتیکی لەدەست دەدات، وشەی تر شوێنی دەگرێتەوە، چونکە خودی زمان چەشنی بوونی مرۆڤ لە سک و زایەکی بەردەوامدایە، پاشان بوونی زمان لای هایدگەر و ڤیتگنشتاین و چەندان بیرمەندی تر بریتییە لە هزر - فیکر- لە بواری تۆمار کردن و نووسینیشدا، پێشکەوتن و پەرەسەندنی زمان پەیوەستە بە کێشەی «Context- کۆنتێکست»ـەوە - ناوکۆیی - سیاق- نەک پاککردنەوەی زمان لە وشەی بیانی و گەڕان بەدوای ڕەسەنایەتی، بە تایبەتی لەم سەردەمەی ئێستای گلۆبال و پۆست مۆدێرن و هایپەر تێکستدا، لەبەر ئەوەی خودی واتا لە کۆنتێکستی ڕستەو دەستەواژەدا دەگەڕێ و دەستگیر ناکرێت، لێرەدا کێشەی هێرمنیوتیکا و ڕاڤە سەرهەڵدەدات، ئەم بۆچوونەی گەڕان بەدوای ڕەسەنایەتی و پاککردنەوەی زمان لە تاقە وشەی بیانی زۆرتر لە گێڕانەوە گەورەکانی مۆدێرنیتەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە زمان بە شێوازێکی گومانکارانە مامەڵە لەگەڵ پرسی جۆراوجۆر دەکات و هەوڵ دەدات ڕست و ڕستە گەورە و زەبەلاحەکانی هزر تێک بشکێنێت و بەزەینێکی کراوە مامەڵە لەگەڵ جوانییەکانی جیهان بکات، ڕەزا بەراهەنی لە هەندێ شوێنی ئەم نووسینەدا بە شێوازێکی ئێجگار توندوتیژ لە چەمک و چارەنووسی زمان و بەکاربردنی زمان دەدوێت.. [نووسەر جۆرێک دەنووسێ کە دەڵێی بەقەڵەم ژەهر دەکاتە دەماری خۆیەوە هەمیشەش خۆی ساتێک بەر لە هاوارکردن و ساتێک بەر لە خولیایی و ساتێک بەر لە مردن نیشان دەدا، نووسەر زمانی خۆی لە ژەهر هەڵدەکێشێ و تەرمی خۆی لە زماندا بەجێ دێڵێت و تێ دەپەڕێ]، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەی بەراهەنی لە زۆر شوێندا پڕشنگی هزری پۆست مۆدێرنەی لێ دەردەکەوێت، بۆ نموونە [قوڕ بەسەر ئەو نووسەرەی کە وەک پشیلەیەک دەچێ کە ئەسڵێکی ئەخلاقی وەک مشک بەدەمەوە دەگرێ و دەچێتە جێیەکی چۆڵ و پەیتا پەیتا لە بەینی ددانیدا ڕێکی دەگوشێ، ئەسڵێکی ئەخلاقی لە مشکێکی تۆپیو بۆگەنترە].

لە شوێنێکی تردا هەوڵ دەدا چەمکی ئایدیۆلۆژی و قەراردادی هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە ئایدیۆلۆژیا هەمیشە چەشنی کارگەیەکی ڕەش ژەهری ڕق و بوغز و کینە بەرهەم دەهێنێت و مرۆڤەکانی کۆمەڵگا بە گژ یەکتریدا دەکات، هەروەها ڕەزا بەراهەنی وای بۆ دەچێت کە پێویستە زمانی ئازاد و ئازادی نووسین بگاتە ئاست و ڕادەیەک، نووسەر ئابڕووی خۆی بەرێت و پووچی و چڕووکی خۆی بنووسێتەوە، لە هەمان کاتدا کار لەسەر بابەتە پەراوێزخراوەکان بکات [نووسەر دەبێ سووکی و چڕووکی خۆی بسەلمێنێ، عیرفانی ڕاستەقینە، یانی ناسینی بێ شەرمی و بێ ئابڕوویی خۆت، ئەو ناسینەش زمانێکی جیاوازی دەوێ، ئاهەنگێکی جیاوازی دەوێ، زمان دەبێ بەهۆی وڕێنە و غەریزە و خەون و خەیاڵ و پەشیمانی و گومان و دڕدۆنگی و نەخۆشی و شێتی دەستی بەسەردا بگیرێ، زمان دەبێ بەپیسی و بێ شەرمی و خوێن و خوێنی مەییو و شۆڕشی تووڕە و ڕەسەنی سلوولەکانی لەش و هەڵقوڵانی لە ناخی زگپڕی ئالوودەبێ، ئەم زمانە شۆڕشگێڕە دەبێ لە هەناوی ڕوح و خولیابوونەوە دەرهێندرێ، سەمای سیحراوی وشەگەلی ئەم زمانە، ڕێزمانی ئەوە، هێرشی سێڵاو ئاسایی وشە ئاهەنگی بۆ دادەنێ]، دواجار بەراهەنی بەدوای زمانێکدا دەگەڕێت لە ئاکارەکانی شەیتانی ناخەوە هەڵقوڵابێت، [زمانی نووسراوە دەبێ گەڵاڵەی خەیاڵی ئەو شەیتانە بێ هەر کەسێ ئەم شەیتانەی ناخی نەبێ، نووسەر نییە]. لە کۆتاییدا ئازادکردنی زمان بە ئازادکردنی شەیتانی ناخەوە پەیوەست دەکات و وای بۆ دەچێت [زمانی ئاسایی، زمانی ڕووناکی و زمانی ڕۆژ و

هەتاو ناتوانێ زمانی ئەو شەیتانە بێ، شەیتان لە تاریکیدا، لە قوولاییدا، لە شەوەزەنگدا لە خەلوەتی پڕ لە پیلان و دەهۆ و نابووتیدا دەژی، شەو زمانی شەیتانە، ئەو شەیتانە ئازاد کەن]، بەراهەنی لەم بابەتەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ ئەو گرێبەستە دەکات کە لەنێوان «فاوست» و شەیتان ئەنجام دراوە، ئاخر ئەم زمانە شەیتانییە زۆرتر لای شاعیرە مەلعوونەکان بوونی هەیە، بە تایبەتی لە دەقە نەفرەت لێکراوەکانی شارل بۆدلێر و ڕامبۆ و ئیدگار ئالان پۆ و شیعرە سوحاقییەکانی سافۆ و تێکستە بێ ئیتیک و مۆراڵەکانی مارکیز دی ساد...تاد، بەڵام ڕەزا بەراهەنی دەیەوێت ئەم زمانە شەیتانییەی ناخ بۆ بنیادی دەقەکانی شەپۆلی شیعری زمانی بگوازێتەوە، کەچی ئەم جۆرە زمان و حاڵەتە لە بنەڕەتدا پێوەندییەکی قووڵ و سەرەکی بەچۆنیەتی هەڵکەوتنی هێزی داهێنانی تاکەکەسەکانەوە هەیە، شاعیر لە ئەزموونی ئەدەبیدا سوود لە تەکنیکی ڕێباز و شەپۆل و قوتابخانە ئەدەبییەکان وەردەگرێت، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوەی گرنگە چۆنیەتی دەربڕین و فۆرم و هێزی دنیابینی خۆیەتی، بۆ نموونە تریستیان تزارا وەک مرۆڤێکی نامۆ ڕەفتار و هەڵسوکەوتیشی دادایی بوو، ئەندرێ برۆتۆن.. بارستاییەک بوو لە باکگراوندی فەلسەفەی سوریالی و نووسینی ئۆتۆماتیکی، مەبەستم لە چۆنیەتی هەڵکەوتنی کەسایەتییەکان و هێز و توانایی داهێنانیانە، لە ڕوویەکی دیکەوە بەشێک لەو بۆچوونانەی بەراهەنی دەرحەق بە زمان لەگەڵ چەمکی فاشییەتی زمان لای «ڕۆلان بارت» تێک دەکاتەوە، ئیتر دکتۆر ڕەزا بەراهەنی لە سێیەم نووسینیدا بەناوی [نووسراو و مەرگ] لەلایەک لە کردەی نووسین و لایەنی دڵەخورپە دەدوێت، لەلایەکی تر ناڕەزایی خۆی بەرانبەر بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ڕەخنەگرە ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژی و دۆگمایییەکان دەردەبڕێت، بە تایبەتی ڕەخنەگرە ئەخلاقی و ماستاوچییەکان، ئەوانەی بۆ پاراستنی پێگە و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکۆمەڵێک دروشمی بریقەدار لە چەمکی گەشبینییەکی ڕووکەش و ڕەوشی پەروەردەیی و ئیتیکی دەدوێن.

بەراهەنی دەڵێ [وا دیارە نووسین لە مەڕ دڵەخورپەوە جۆرێک لادەرییە] ئاماژە بە هەوڵی ڕووکەشانەی ئەو ڕەخنەگرە ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژییانەوە دەکا کە چۆن باسیان لە دەقەکانی هەریەک لە، جۆیس، بیکێت، فۆکنەر، یۆنسکو، هارۆلد پینتەر...تاد کردووە، پاشان بەراهەنی دەڵێ «ئەخلاق چییە؟ کە ڕەخنەگرانی ئەخلاقی ئاوا ملی خۆیانی بۆ دەشکێنن؟ قەحبەیەکی دەستاودەست پێکراوە لەسەر دەمێکەوە بۆ سەردەمێک...تاد»، هەروەها دکتۆر ڕەزا بەراهەنی ڕەخنە لە هەندێ لایەنی کۆمەڵگای لیبرالیزمی خۆراوا دەگرێت، بەتایبەتی ئەو نووسەرانەی جنێو بە «جۆیس» و «بیکێت» دەدەن و شانازی بەو بەشە پووکاوەی لیبرالیزمی خۆرئاوا دەکەن، بەراهەنی داکۆکی لە دەقەکانی بیکێت دەکات و دەڵێ هارۆلد پینتەر سەبارەت بە بیکێت دەڵێ: [هەرچی زیاتر دەچێتە پێشێ، پتر لەگەڵ چێژ و تامەزرۆیی من گونجاوە...] بەراهەنی دەڵێ شێوازی بیکێت تەواوی مێژووی لەنێوچوون و توانەوەی ژیاری خۆراوایە، پاشان بەراهەنی پرسیارێک دەورووژێنێت و دەڵێ: «ئایا بەختەوەری ڕاستەقینە بوونی هەیە؟ نا قەت قەت! لەو بارودۆخەدا نە بەختەوەری کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، نە بەختەوەری تاکەکەسی و نە بەختەوەری خودایی! تەنیا خۆڕاگری و مەرگ بوونیان هەیە، تەنیا ژیان بوونی هەیە و مەرگ بوونی هەیە، ژیانیش ئەو شتە وا لە هەمبەر مەرگدا وەستاوە و بەرخۆدان لە نامووس و بوونی خۆی دەکا» لە کۆتاییدا جەخت لەسەر دڵە خورپە و دیالیکتیکی ناخ و دەروونی تاکەکەس دەکات و دەڵێ لێگەڕێن با ئەو ناخی خۆی هەڵچۆڕێنێ، چونکە ئەو کۆمەڵگاش دەردەدا لەگەڵیدا.. ئەدا و ڕەوشت و یاسا و ڕێسا و ئەخلاقی خۆتان لەسەر ڕێگاکەی لابەن، ئەوەی لێرەدا گرنگە دکتۆر ڕەزا بەراهەنی بە شێوازێکی قووڵ و فرەڕەهەند باس لە ئازادی نووسین و نووسراوی ئازاد و زمانی ئازاد و نووسراو و مەرگ دەکات، مەبەستی ئەوەیە پێویستە شیعر پێوەندییە باوەکانی ئیتیک و مۆراڵ تێک بشکێنێت و منی شیعر بەوپەڕی ئازادییەوە دڵە خورپە و خەیاڵ و هەستی ئیستێتیکی و تێفکرین و دنیابینییەکانی بنووسێتەوە، چونکە شیعر چەڵتە چەڵتی زمانی نییە، بەڵکو کارکردنە لەنێو سیستم و مۆسیقای زمان و تۆمارکردنی ئەو ڕیتمە سپیانەیە کە خودی زمان لەخۆوە دەریان دەبڕێت، ئاخر شیعر زمانە... زمان.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب/ خولیای نووسین.**
**نووسینی/ دکتۆر ڕەزا بەراهەنی.**
**وەرگێڕانی/ ئەمین گەردیگلانی.**
**چاپی یەکەم/ ٢٠٠٨.**
**چاپخانەی خانی «دهۆک».**
**دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی.**